## هەمووومان نەجوا هەولێرین. . . عوسمان سۆفی مەغدید*

ئەگەر نەفەس و تەحەموولی ئیسلامیەکانی یەکگرتوو، ئەوەندە تەسك و كورت بێت، ئەوا لێرەوە بە سەرکردایەتی و بنکردایەتی و شورا و مورای یەکگرتوو دەڵێم، تا زووە با شرۆشیتاڵی بپێچێتەوە و بڕوات، ئەگەر عەقیدە و ئیسلامییەتی حزبێك كە خۆی بە (ئیسلامی میانڕۆ) دەزانێت، ئەوەندە بەگومان بێت كە هەركەسێك لەسەر ناتەواویەكانی یەکگرتووی نووسی، بە (نەقشبەندی) بزانن. ئەوا لە ئێستاوە بزانن كە هەمووومان (نەقشبەندی) ین، ئەگەر لەم دواییەشدا دوای هەڵگەرانەوەی لە خوشكانی یەکگرتوو، نەجوا هەولێری بەدوا بزماری تابووتی یەکگرتوو بزانن، ئەوا هەمووومان (نەجوا هەولێری) ین.
ئەگەر ئەوەندە بەپارتی و یەکێتی قاڵسن، ئەوا هەموو دەبینە پارتی و یەکێتی.
ئەگەر بەسەرۆکایەتی مام جەلال و كاك مەسعود قایل نابن و دەتانەوێت حوكمی تالیبان و حەسەن توڕابی و حەسەن بەننا و هاونمونەكانیان لەكوردستان پەیرەو بكرێت، ئەوە خەیاڵتان خاوە و هەمومان مام جەلال و كاك مەسعودین.

ئەگەر موسڵمانە کوردپەروەرەكانتان، (ئەوانەی بۆ خوداپەرستی دەچنە مزگەوتەكان نەك بۆ حزبایەتی) ، لێبووە بە پۆلیس و ئاسایش، ئەوا هەمووومان پۆلیس و ئاسایشی كوردستانین و ناهێڵین گەرای تیرۆر و وەهابیەت لە مزگەوتەكانی كوردستاندا دابنێن.
هەقە یەکگرتووی ئیسلامی هەموو ڕۆژێك خێرێك بكات كە پارتێکی وەك پارتی دیموکراتی كوردستان یان یەکێتی نیشتمانی كوردستان حوكمرانی كوردستان دەكەن و لەوانەشە تەنها یەکگرتووی ئیسلامی سوودی لەحوكمرانی ئەم دوو حزبە وەرگرتبێت، باشە چییان دەوت ئەگەر توشیان بەتووشی حكومەتێکی وەك حكومەتەكەی (شارۆن) ببوایە؟ كە ڕۆژ نیە شەش حەوت (حەماسی یەکگرتوو) ، پان و پلیش نەكاتەوە. یاخود ئەگەر لەژێر حوكمی ئیسلامی (عومەر حەسەن ئەلبەشیر) دا بوونایە، ئەوا ئێستا سەلاحەدین و مەلاحەدین لەكونجی بەندیخانەكاندا بوونایە. كەواتە بێدەنگ بن باشترە با زیاتر قسە نەكەم.

*فەرمانبەر لە تێبینەرایەتی ئەوقافی بەردەرەش-ئاكری